# بەسەرهاتی حوکمدانی (شاکر)



(شاکر)ی تەمەن (٢٥) ساڵە ، قەت بە خەیاڵی دانەدەهات کە دەستگیر بکرێت.

کابرا خراپ تووشکرابوو، بێ ئەوەی بەخۆشی بزانێ، پاشنیوەڕۆیەك، هەر وەك جاری جاران چووبووە ئەو شوێنەی کە جێی ژووانی پێشتری بوو، هەر لەوێ دوای ماوەیەك چاوەڕێکردن، هەر هێندە زانێ چوار کەس لێی بەژوور دەکەون و قۆڵبەستی دەکەن! (شاکر) چاوی ئەبڵەق دەبێ و باوەڕ بەخۆی ناکات! وا دەزانێ برادەرەکانی گاڵتە و شۆخی لەگەڵ دەکەن، بەڵام کە دەبینێ جەماعەت بەڕاستی و بەجددیانە، ئەوجا تێدەگات کە کەوتۆتە چ چاڵێکی قوڵەوە، پاش قۆڵبەستکردنی، چی بەسەردێنن. بۆ گێڕانەوەی تەواوی باسەکە با گوێ لەخۆی بگرین کە دوای ساڵ و نیوێك حوکمدان و بەسەربردنی تەواوی ماوەی بەندییەکەی، لە زیندان دێتە دەرەوە و وەك ئەزموونێکی تاڵ و تفت، بەڵام سوودبەخش و بە کەڵك ئەو بەسەرهاتەیمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەمەبەستی ئەوەی کەسانی دیکە، چ ئەوانەی هاوشێوەی ئەون و چ ئەوانەی لەو ئەزموونە زیانبەخش و ترسناکە گلاون، چ ئەوانەی تووشی نەبوونە و لە دوورەوە ئاسەوارە خراپ و زیانە زۆرەکانی ئەم ئافاتە دەبینن بۆیان ببێتە پەند و ئەزموون. (شاکر) ئەزموونە تاڵە پڕ لەوانەکەی بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

چەند جارێك بوو دەچوومە ماڵێك لەوێ (تریاك) مان دەکێشا، بەڵام هەروا یەکسەر و راستەوخۆ ئەو ماڵەم نەدیتبۆوە، با لە نووکەوە بگێڕمەوە، ماوەیەك لەگەڵ برادەرێك لەسەر سنوور کەلوپەلمان دەهێنا و دەمانهێنایە شار و دەمانفرۆشت، ئەو برادەرەم بەڕێکەوت کۆنە برادەرێکی خۆی لەیەکێ لە شارۆچکەکانی سەر سنوور دەبینێتەوە، برادەرەکەی ناوی (رێباز) دەبێت، ئەم (رێباز)ە، وەکو ئێمە لاو دەبێت، ماوەی چەند ساڵێك بوو ئاودیوی ئەو دیو ببوو کاسبی دەکرد، قاچاخچیاتی دەکرد، ئەوەیان نازانم، بە کورتی نەمدەزانی خەریکی چییە، ماوەیەك ئەو برادەرەم و (رێباز) پێکەوە قسەیان کرد، ئەوان خەریکی گفتوگۆی خۆیان بوون، لەوکاتەدا تەلەفۆنێکم بۆ هات، بەمەبەستی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکەم،

رووخسەتم لێخواستن و لێیان دووركەوتمەوە، من لە دوورەوە ئەوانیش رووبەڕووی یەكتر خەریكی قسەكردن بوون، كە لە تەلەفۆنەكەم تەواوبووم، دیاربوو ئەوانیش لێكجیاببوونەوە و گفتیان لە یەكتر دابوو، لە شوێنێك كە بەخۆیان دەیانزانی یەكدی ببینەوە، دیاربوو پاش چەند رۆژێك(رێباز) و برادەرەكەم یەكتریان بینیبۆوە، بەڵام ئەو برادەرەم لە بارەی خۆی و(رێباز) هیچی بەمن نەدەگوت، هەفتەیەك دووانی پێچوو، ئەوانە چەند جارێكی دیكە چاویان بەیەك كەوتبۆوە و پەیوەندییەكەیان قایمتر ببۆوە، كابرا تامی(ترياك) ی بە برادەرەكەم كردبوو، چونكە یەك دوو شەوان كە لەگەڵم دەبوو هەستم دەكرد ، باری دەروونی و زەوق و سەلیقەی جارانی نەماوە. گومانم لێكرد كە شتێك بەكاردێنێ، بەڵام هیچی نەدەدركاند، وایلهێاتبوو ئیشی نەدەكرد، یان راستتر وایە بڵێم چیدی وەكو جاران نەدەهاتەوە بۆ سەر كار، كە دەشهات لە جیاتی ئەوەی لەگەڵم بمێنێتەوە و خەریكی راپەڕاندنی كارەكان بێت، دەیگوتە من(شاكر) تۆ خەریكی كاری خۆت بەو من دەڕۆم و فلانە كاتژمێر یان فلانە رۆژ دێمەوە لات.

پاشان ئێوارەیەك پێیگوتم ئەمشەو میوانی برادەرەكەمم و تۆش لەگەڵم وەرە، شەو چووین و میوانی كابرا بووین، پاش دانیشتن و دەمەتەقێ كردن كابرا شتێكی وەك قیرێ هێنا و سووتاندی، پاشان بە لوولەیەكی باریك دوكەڵەكەی هەڵمژی، ئینجا لوولەكەی دایە منیش و گوتی تۆش هەڵیمژە تووتنێكی زۆر بۆنخۆشە و بۆ ژانی لەش یەكاو یەكە، ئەو شەوی دوو رۆژ بوو هەموو ماسولكەكانی لەشم لەسەرمان رەق ببوون، ژانەسەرێكی توندیشم هەبوو خوا خوام بوو حەبێك، دەنكۆڵەیەك، شتێك هەبێ ژانە سەرەكەمی پێ بشكێنم، كەوای گوت، بیرم نەكردەوە ئەوە مادەیەكی بێهۆشكەرە، بەڵام پاشان زانیم چییە، چەند جارێكیتر كێشامەوە، پاش ماوەیەك خۆشییەكی بەلەزەت بەنێو لەشمدا گەڕا و سەرتاپای لەشی گرتمەوە، راستییەكەی هەرچی ئازار هەبوو، لەسەرم پەڕی و ئەوەی ژان بێت نەما، كابرا ئەو بڕە قیرەی بەبێ پارە دامێ. دوو سێ رۆژی تری پێچوو، دیسان برادەرەكەم ژوانێكی دیكەی رێكخستەوە، ئەو جارەش وەك بەزمی جاران شەو درەنگانێ كەلوپەلی دووكەڵ كێشانەكەی هێنا و دیسان دووكەڵەكەمان كێشایەوە، هەستێكی سەیری لەلا دروستكردم، وەكی جاران ئێشی جەستەی نەهێشتم، شەو لەوێ نووستین. بەیانییەكەی كاتژمێر ببووە یانزە و نیو ئینجا بەئاگاهاتین.

بەمجۆرە هەفتەیەكی دیكەی پێچوو كاتێك ئیشەكانمان تەواوبوو، ژوانمان لە كابرا وەرگرتەوە و چووینەوە بۆ كێشانێ، بەڵام كابرا گوتی:

برادەرینە ئەو ماددەیە كە ئەو دوكەڵە حەیاتەی لێدەردەچێ، هەندێك گرانە، منیش پارەی ئەوەم نەماوە بیكڕم، بە پیاوەتی هەندێكم لە برادەرێك وەرگرتووە و هەر بەشی خۆشم دەكات، ئەگەر حەزتان لێ بێت ئەو بڕەی خۆمتان دەدەمێ ئەگەر نا، پارە بدەن، دەنێرم بۆتان بێت، ئێمەش گوتمان نابێ، بۆچی بەشی تۆ زەوت بكەین، بایی هێندەمان پارە پێیە بنێرە بەشی خۆمانمان بۆ بێت، پارەكەمان دایە، ئەویش وەریگرت و چووە دەرەوە، پێنچ خولەكێكی پێچوو، ئینجا بەخۆی و بە بڕە قیرەكە هاتەوە، هەر وەك رابردوو كردمانە دوكەڵ و كێشامان.

ئەو بەنگ كێشانەمان چوار پێنج جاری تر دووبارە كردەوە، ئەوسا زانیم كە ناوی(ترياك) و بەنگەمەنییەو نرخەكەشی گرانە و ماددەیەكی بێهۆشكەرە و یاساغە.

## تێوەگلان لە كارێكی یاساغ

(شاكر) لە گێڕانەوەكەیدا كە گەیشتە ئەو شوێنەی كەوا هەستی كرد كە لە كارێكی یاساغ گلاوە. بەینێك لە گێڕانەوەكەی راوەستا و سەرێكی بادا و ئینجا گوتی: بەخوا منیش نەزان و ساویلكە بووم، كە زانیشم یاساغەو كارێكی ترسناكە هەر لەسەری بەردەوام بووم، بەهەر حاڵ وەكو دەڵێن (تۆبەی گورگی مەرگە)، ئەوەم بە هەند وەرنەگرت كە رەنگە تووشی چ دەردەسەرییەك ببم، ئەو دوو كەسە(رێباز) و برادەرەكەم چاك لە ئیشەكە گلابوون، (رێباز) وەك خۆی باسی دەكرد چەندی دیكەشی وا فێركردبوو، دەیویست لەسەر ئەو مادانە رایانبهێنێ و پاشان تووشیان بكات بۆ ئەوەی دواتر هەر بەخۆی بە پارە بیانفرۆشێتەوە، زۆری دیكەشی تووش كردبوو، برادەرەكەی منیشی هەروا تووشكردبوو، بەڵام ئەو برادەرەم فێرببوو، دەیفرۆشتە ئەو كەسانەی كە بەخۆی فێری كردبوون، ئەوان بە كورتی هەم بەكاریان دەهێنا و هەمیش بازرگانیان پێوە دەكرد،كە گیراشن، ئەوان پێش من گیرابوون و ناوی منیشیان دابوو، بەڵام خوا رەحمی كردبوو نەیانگوتبوو كڕین و فرۆشتنی پێدەكات، ئەگەرنا رەنگە چارەنووسێكی دیكەم هەبایە، خۆ ئەگەر وەشیان بگوتایە ئەوە گوناهێكی گەورەیان دەرهەقم كردبوو، چونكە راست نەبوو، ئەوجا هەتا راستییەكە بەدەر دەكەوت خوا دەیزانی چارەنووسم بەچی دەگەیشت، فێرببووین شەوان دەچووینە ئەو ماڵە هەر كەسە و بەقەد توانای گیرفانی ماددەی بێهۆشكەری پەیدا دەكرد و دەیكێشا. شەوێك دانیشتبووین، بەڵام كەس فكری خراپی نەدەكردەوە، یان بڵێین كەس فكری بۆ ئەوە نەدەچوو تووشی شتێك ببین، ئەوەبوو، بەزمەكەمان دەستپێكرد، درەنگانی شەو، هەمووم ان سەرخۆش ببووین، لە پڕ چەند كەسێك بەژوور كەوتن و هەموومانیان قۆڵبەست كرد، من وامزانی هەر برادەرانی خۆمانن كەوا دەكەن و گاڵتەمان لەگەڵدا دەكەن، كەچی كە سواری ئۆتۆمبیلیان كردین بۆمان دەركەوت كە نە گاڵتەیە و نە پێكەنین، بەڵكو راستییەكەی وەكو رۆژی رووناكە!

پاشان بردیانین بۆ لێكۆڵینەوە و تاوانەكەمان لەسەر ساغ بۆوە و ئەوجا دراینە دادگا و هەر یەكەی بە جۆرێك بەپێی جۆری تاوانەكە و بەشدارییەكەی حوكممان وەرگرت، (رێباز) و برادەرەكەم بە یەكی پانزە ساڵ حوكمدران و من و یەك دوویەكی دیكەش تەنیا بە ساڵ و نیوێك، دووانی تریش بە چوار ساڵ حوكمدران.

ئەوەشی دەرەنجامی ئەو كارە ناپەسندەمان بوو، بەڕاستی ئەو ماوەیەی زیندان بۆ هەتا هەتایە تەمبێی كردم و فێری كردم كە جارێكی تر ببڕای ببڕ نەك هەر نزیكی ئەو جۆرە كارانە نەكەومەوە، بەڵكو نیزیكی هیچ جۆرە تاوانێك نەكەومەوە، چونكە هەتا ژیانی ناو زیندان نەبینی، نازانی قیمەتی ئازادی و كەرامەتی ئینسانی ئازاد چەندە.

**بەڕاستی ئەو ماوەیەی زیندان بۆ هەتا هەتایە تەمبێ كردم و فێری كردم كە جارێكی تر ببڕای ببڕ نەک هەر نزیكی ئەو جۆرە كارانە نەكەومەوە، بەڵكو نیزیكی هیچ جۆرە تاوانێك نەكەومەوە**

**هەستم دەكرد باری دەروونی و زەوق و سەلیقەی گۆڕاوە، گومانم لێكرد كە شتێك بەكاردێنێ، بەڵام هیچی نەدەدركاند، وایلهێاتبوو ئیشی نەدەكرد**

# گێڕانەوەی بەسەرهـ



(زانا) کە ئێستا تەمەنی لە سەرووی (بیست) ساڵییەوەیە، هەمیشە بە جۆرێکی تایبەتی باس لە منداڵێتی خۆی دەکات و بە ئەزموونێکی ترسناکی دادەنێت، ئەو لە منداڵییەوە تووشی شۆك هات، وەك خۆی دەڵێ نازانێ (دایکایەتی) مانای چییە و ئەزموونی نەکردووە، ئەو وەکو منداڵانی دیکە، دایکی خۆش ناوێت، یان راستتر وایە بڵێین نەیتوانیووە دایکی خۆش بوێت، بەڵام لەگەڵ هەندێش ناتوانێ رقی لە دایکی بێتەوە، هەمیشە دڵی بە دایکی سووتاوە، ئەم رقە لەدایك و خۆشەنەویستنی لەلایەك و دەستبەرداربوونی ناچارەکی خۆشەویستیشی لەلایەکی دیکەوە، کاری زۆری لە پێکهاتەی دەروونی (زانا) کردووە و بەدرێژایی قۆناغی مێردمنداڵی و سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری نیگەران بووە، هەمیشە بە ئازارێك ناڵاندوویەتی! دەبێ چی بێت ژیانی ئەم کوڕەی وا شێواندبێت و وەها بەدەستییەوە ناڵاندبێتی؟ بالێبگەڕێین بەخۆی بەسەرهاتی ناخۆشی خۆی و ئەو هۆیانەی کە گرنگترین قۆناغی ژیانی لێ تاڵ کردبوو لە زاری خۆی ببیسین.

لەسەرەتادا (زانا) ئێمەی گەڕاندەوە بۆ قۆناغی منداڵێتی خۆی و بەمشێوەیە گوزارشتی لەخۆی کرد و گوتی: ئێمە لەماڵەوە دوو براو خوشکێك بووین، هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایش کێشەی نێوان دایکم و باوکم بە بیردانایە، منداڵێتیم شتێکی ئاسایی بوو، شتێکی وام بەبیردانایە کە نائاسایی بێت، تا ئەو رۆژەی کە مامی گەورەم هاتە ماڵمان، لەگەڵ باوکم کردیە مشتومڕ و دەمەقاڵێ،وەك ئێستام لەبیرە کە نیوەڕۆ بوو تازە لە قوتابخانە هاتبوومەوە، لەناو هەیوانی ماڵەکەمان بە باوکمی گوت: کوڕە ئاخر تۆ ئەو ژنەت بۆ وا بەرەڵڵا کردووە، بۆ لێیناپێچیتەوە، خەڵك قسەمان پێ دەڵێن و دەڵێن ژنی (حەمید)ی دۆستی هەیە و (حەمید)یش دەیزانێ و قسە ناکات، کوڕە ئەو قسەو قسەلۆکانە لەخۆوە نییە، چاودێری ژنت بکە و ئاگات لێی بێت و بزانە چی دەکات، باوکیشم سەری دەلەقاند و دەیگوت: ئێ، باشە وا دەکەم. مامم گوتی: (حەمید)

# ـــاتی دایکێک لە سەر زاری کوڕەکەیەوە

وا من دەڕۆم، خوا دەزانێ ئەو ژنەت بەرزەوت نەکەی، بەخۆم چارەی دەکەم، پاش ئەو قسەیە لێیدا ڕۆیشت، باوکم لە هەیوانەکەی ماڵ بەبێ دەنگی دانیشت و سەرێکی بادا و لەبن زمانەوە گوتی: ئەو ژنە بۆ وا دەکات، بۆ هێندە ڕوو قایم و کەللە ڕەقە؟، تۆزێك پیشی خواردەوە و سەیرێکی منی کرد و گوتی: (زانا) کوا دایکت، لە کوێیە؟ گوتم: نازانم من تازە لە قوتابخانە هاتوومەتەوە، زانی نانمان نەخواردووە، هەستا چووە مەتبەخەکە و دوو سێ هێلکەی لە ڕوونی کرد و بانگی کردین و گوتی: وەرن نانتان بخۆن، لەو دەمەدا دایکم هاتەوە، تەماشایەکی باوکمی کرد، لە دوورەوە زانی شتێك بووە، بۆیە بێ ئەوەی بهێڵێ باوکم قسەیەك بکات گوتی: لە دەست ئەو دائیرەیە مردوومە، هەتا ئێستاش جەنابی بەڕێوەبەرە فەندی ئیشی زیادەی دوای دەوامی پێدەکردین، باوکیشم گوتی: مادام ئیشی زیادەی پێدەکردن، جەناب پێتان بگوتایە فەڕاشێك بنێرە بۆ ماڵەکانمان، با ماڵەوەمان ئاگادار بکاتەوە، نەوەکو قسەی ئەم و ئەومان بێتەسەر. دایکم یەکسەر زانی مامم هاتووە، بۆیە گوتی: چییە دیسان (عەلی) هاتبوو؟ باوکیشم گوتی: بەڵێ ئافرەت کاکم هاتبوو، نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە، تۆ هەروا زەمان کورتم بکە، کەباوکم وای گوت، دایکم زانی مەسەلەکە جددییە، دەیزانی چۆنی ساردی بکاتەوە، بانگی دەکردە ژوورەکەی تر و چارەکە سەعاتێك دەمانەوە و کە دەهاتنە دەرەوە، وەك ئەوەی هیچ ڕووینەدابێ، بارودۆخەکە ئارام دەبۆوە، نەمدەزانی لەو ژوورە دایکم چی پێدەگوت، یان چیان دەکرد و چۆن وەها باوکمی ئارام دەکردەوە، باوکم دایکمی زۆر خۆشدەویست، نەمدیت ڕۆژێك لێیدا، یان تەنانەت دەستیشی لێ بڵند بکا، بەڵام نیگەرانیش دیار بوو، ترسێکی لەدڵدا هەبوو، ئارام نەبوو، حەزی دەکرد ژیانێکی خۆش و ئارام بباتە سەر و وەکو هەر پیاوێکی دیکە دەیویست ژیانێکی خۆشی هاوسەرێتی هەبێت، بەڵام هەستم دەکرد قەت ئارام نییە، نەمدەزانی بۆ؟

**پەیوەندییە تایبەتییەکەی ژنەکەی (حەمید)**

(زانا) بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئەو نائارامییەی باوکم، ماڵیشمانی تۆزێك نائارام کردبوو، ئەوان نەیاندەتوانی وەکو ژن و مێردێك بەیەکەوە دانیشن، چ بەتەنیا و چ لەگەڵ ئێمەدا، باوکم زۆر نازی دایکمی دەکێشا، بەڵام پێدەچوو هاوسەرێتی نێوان باوکم و دایکم هاوسەرێتییەکی ناچاری بوو. باپیرم واتە باوکی دایکم بەخواستی خۆی دایکمی دابوو بەباوکم. پاشان بیستمەوە بە زۆری بەمێردی دابوو، بەڵام بۆچی بە زۆر بە مێردی دابوو مەسەلەکە لە بنەڕەتدا چی بوو تا ئێستاش نەمزانی. باری ناوماڵمان هەروا لەرزۆك بوو، یا با بڵێین شلۆق بوو، ناوە ناوە مامم دەهاتە ماڵمان و دەیگوت: (حەمید) من چم بەتۆ دەگوت: تۆ هەروا دابنیشە و لە گوێی گادا بنوو، من تۆزێك هەراش بووم، خوشك و براکەشم هەروا، کە هەردووکیان لەمن بچووکتر بوون، ئەوەندە منداڵ بوون لەو کێشانە نەدەگەیشتن، بەڵام من وانەبووم. تازە چووبوومە ناوەندی و پۆلی دووی ناوەندیم تەواو کردبوو لە قۆناغی هەرزەکاریدا بووم. جارجارە شەوان کێشە لە نێوان باوکم و دایکم دروست دەبوو، نەمدەزانی چییەو لەسەرچییە! بەڵام هەموو جارێ دایکم لە ژووری خۆیان دەهاتە دەرەوە و دەهاتە ژووری ئێمە و دەرگاکەی دادەخست و باوکمی لە ژووری خۆیان بە تەنیا جێدەهێشت! ڕۆژێك کە پشووی ڕەسمی بوو، نیوەڕۆ بوو، دایکم خواردنێکی بۆ ئامادە کردبووین و دەوری کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ بوو، لەماڵ دەرچوو، نیوەڕۆیە کە باوکم هاتەوە، من خواردنەکەم بۆ باوکم و بۆخۆشمان گەرم کردەوە. باوکم زانی دایکم لەماڵ نییە، کە پرسیاری کرد و وەڵامەکەیمان پێگوت، نیگەران بوو، نانەکەی بەساردی خوارد و هەر زوو دەستی لێکێشایەوە و کەوتە داڵغە لێدان، ئەوەندەی پێنەچوو مامی گەورەم و مامەکەی ترم پێکەوە بەدیار کەوتن و بێ سەلام کردن بە ژوورکەوتن. مامی گەورەم، لە باوکم نزیك بۆوە و بە دەنگێکی نزم، چووە بن گوێی و گوتی: ئەفەندی خانم لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبەر بینراوە، خۆ ئەمڕۆ دەوام نییە، ئەی چی ئەوی گەیاندۆتە لای ئەو، خۆمان بە چاوی خۆمان بینیمان لە کوێ و کەی ژوانیان هەبوو، دەمانەوێ جەنابیشت بێی و بتبەینە شوێنەکە و بەخۆت دڵنیا بێت، ئەگەر لەوێش نەمابن، لە مەوعیدی ئەمجارەدا دێینە دوات تا بە چاوی خۆت ببینی، لە پاش ئەو گفتوگۆیەی نێوان ئەو دوو مامەم و باوکم زانیم مەسەلەکە چییە، ڕقم لە دایکم بۆوە، بەڵام نەشمدەزانی دەریببڕم، چونکە بەتەواوەتی لە کێشەکان نەدەگەیشتم، باوکم و مامەکانم دوای ئەو مشتومڕە لە ماڵ دەرچوون و ئێمە لەماڵماینەوە. خوشکەکەم گوتی: کاکە ئەوە مامەکانم بۆ ڕقیان لەدایەیە؟ چ وەڵامێکم پێنەبوو، بێدەنگ بووم، قەت هەستم بە ئاسوودەیی نەدەکرد، دوای ئەوەی لایەنێکی نهێنی کێشەی دایکم و باوکم زانی، لەدڵی خۆمدا هەستم بە ناڕەحەتییەکی قووڵ دەکرد و زۆرم خەفەت پێوە دەخوارد.

**چۆنییەتی کۆتایی هێنان بە کێشەکە؟**

(زانا) لەسەر گێڕانەوەی باسەکە بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئێمە لە ماڵدا ژیانێکی ناجێگیرمان هەبوو، دایکم وەکو ژنانی دیکە سەرپەرشتی نەدەکردین، ئەو خەمی ماڵ و منداڵی هەر نەبوو، ئێستاش نازانم بۆ وابوو، ئێمە وەکو دەڵێین خۆرسکانە گەورە بووین، باوکم زیاتر ئاگای لێمان بوو، من بەم تەمەنەوە هەستم دەکرد دایکم حسابی مێردی بۆ باوکم نەدەکرد، نازانم باوکم بۆ وا هێمن و بێدەنگ بوو، یا لاواز بوو لەبەرامبەریدا! مشتومڕی نێوان مامەکانم و دایکم بۆ ئێمە بەدیار کەوت، ئێوارەیەك مامەکانم لەگەڵ باوکم لەماڵ دانیشتبوون و چاوەڕێی هاتنەوەی دایکمیان دەکرد، لەپڕ ئەویش بەدەرکەوت، ئەوان لێی ڕاست بوونەوە و هەر زوو لێیان پرسی لە کوێ بووی؟ گوتی لە بازاڕ، ئەوانیش گوتیان نەخێر، لەگەڵ فڵانەکەسدا سواربووی و لە فڵانە شوێنیش بووی و بەدواتەوە بووین، ئیدی بووە مشتومڕ و مامەکانم پەلاماریان دا و هەندێکیان لێدا، ئەویش ڕووبەڕوویان بۆوە و بە هەرحاڵ لەماڵ دەریانکرد، بەڵام باوکم پاش ئەوەی مامەکانم ڕۆیشتن دوای دوو کاتژمێر، لەگەڵ خۆی هێنایەوە، هەرچەند نەمانزانی لەم ماوەیەدا بۆ کوێ چوو بوو؟!

پەیوەندی مامەکانم و دایکم ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبوو، شەودرەنگانێك، لەگەڵ چرپە چرپ و خشەخشی پێ و هێنان و بردنی شتومەك لەخەودا بووم، بە ئاگاهاتم و هەر لەناو جێگادا بووم و چاوم کردەوە، بینیم دایکم درێژکراوە و وەکو کەلێشێکی لێهاتووە،

زانا: مرۆڤ بوونەوەرێکە هەستی ناسکە

(باوکم دایکمی زۆر خۆشدەویست، نەمدیت ڕۆژێک لێیدا، یان تەنانەت دەستیشی لێ بڵند بکا، بەڵام نیگەرانیش دیار بوو، ترسێکی لەدڵدا هەبوو، ئارام نەبوو

خستیانە ناو بەتانییەك و بە گوریسێك لوولیان دا، مامەكانم خەریكی ئەو شتانە بوون، خاكەناس و پێمەڕشیان لەسەر زەوییەكە دانابوو، خستیانە ناو گونیەیەكەوە، باوكم لەسوچێكی ژوورەكە دانیشتبوو، پاڵی بە دیوارەكەوە نابوو، فرمێسكی لە چاواندا دەهاتە خوارەوە. ژوورەكە زۆر رووناك نەبوو، بۆیە دەموچاوی باوكم بەباشی دیار نەبوو، بەڵام لەخۆوە هەستم كرد تاوانێك روویداوە، بەڵام نەمدەوێرا خۆم ئاشكرا بكەم، نە توانای ئەوەشم هەبوو هەستم بزانم مەسەلەكە چییە، لەخۆوە سامێك گرتبوومی! نازانم چۆن بوو، لە بن جێگاكەم هاتمە دەرەوە، باوكم چاوی بە من كەوت، وەكو بزانێ كە ئەوەی ئاگام لە هەموو شتێكە، لەلای خۆی دانام و دەستی لە ملم كرد و هۆن هۆن دەگریا، كە مامەكانم هاتنەوە ژوورەوە و چاویان بە من كەوت و لە پەنای باوكم دانیشتوومە، وایانزانی هەموو شتێكم زانیوە، هاتنە لام دەستیان لە ملم كرد و مامی گەورەم گوتی: (زانا) كوڕم دەبێ زۆرت ئاگا لە خوشك و براكەت بێ، بەتایبەتی (نازێ)ی خوشكت كە یەك دوو ساڵی تر هەراش دەبێ و جاحێڵ دەبێ، ئێمە لە خەمی ئێوە بووین، ئەگەر بە فریاتان نەكەوتباینە ئەو دایكەتان ئێوەشی سەرگەردان دەكرد، جارێ وەختی گێڕانەوەی هیچ نییە با باوكتان لە مەسەلەكەتان بگەیەنێ، لەگەڵ ئێمەش وەرە، سواری ئۆتۆمبیل بووین و تەرمی دایكیشم لەناو بەتانییەك لوول درابوو، بە دووان مامم و باوكم خستیانە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەكە و مامی بچوكم لێیخوڕی، شەو درەنگ بوو، باران لەنیوەڕۆیەوە دەباری، جار جار نم نم و جارجاریش بە خوڕ دەبوو، كە گەیشتینە گۆڕستانێكی دەرەوەی شار باران كڕی كردبۆوە، چووینە ئەوپەڕی گۆڕستان و دیار بوو پێشتر قەبرێكیان لێدابوو، تەرمەكەیان هێنایە خوارێ و گوریسەكەیان كردەوە و بە بەتانیەوە شۆڕیان كردەوە ناوقەبرەكە و ئەوجا بە خاكەناس خۆڵیان پێدا كرد، تا قەبرەكە پڕ بۆوە،


جارجارە سەیرێكی باوكمم دەكرد و بەردەوام فرمێسكی لە چاواندا دەهاتە خوارەوە. چووە لای ئۆتۆمبیلەكە و قورئانێكی بچووكی هێناو كردیەوە، لەسەر گۆڕەكە راوەستا و دەمێك لە بن لێوانەوە دەستی بە خوێندنەوەی قورئانەكە كرد، تا نزیكەی دە دەقیقەیەك ئەوجا مامی گەورەم گوتی: حەمید درەنگە و زوو تەواو بە، با تووشی كێشەیەك نەبین، مامم هاتە لای من و گوتی: كوڕم (زانا) ئەو باسە لەلای كەس نەدركێنی، ئێمە تازییەی بۆ دانانێین و خۆشمان وا نیشان دەدەین كە ئاگامان لە هیچ نییە و نابێ خوشك و براكەشت بەهیچ شتێك بزانن و بەهیچ شێوەیەك هیچیان پێناڵێیت دەنا خۆشت و باوكت و ئێمەش تووشی كێشە دەبین، تەنیا ئەوەندە دەڵێین دایكتان رۆیشتووە و كەس نازانێ بۆ كوێ چووە، ماوەیەكی دیكە ئێمە بۆخۆمان ژن بۆ باوكت دێنینەوە و ئەو ژنەش دەبێ لە دایكتان زۆر باشتر و بە رەحمتر و بەوەفاتر بێت، ئەگەر هەر كەموكوڕییەكی بەرامبەرتان هەبوو ئێمە لێی بەرپرسیارین،

ئەو شەوە كە گەڕاینەوە مامەكانم لەگەڵ ئێمە هاتنەوە، ئەوان نووستن، بەڵام من قەت خەوم لێنەدەكەوت، هەم لەترسان هەمیش لە حەپەسان، باوكم كە نووست، ماوە ماوە لە خەو رادەچنی و یان هەر لەناو خەودا دەگریا و ئەوجا بە ئاگا دەهاتەوە، سەیرێكی دەوروبەری دەكرد و پاشان تەماشایەكی منی دەكرد، منیش خۆم دەخەواند، كە دەیدی نووستوومە، دەهاتە لام و بەتانییەكەی بە جوانی پێدادەدام و ماچی دەكردم و دەستی بەسەرم دادەهێنا، ئینجا هەر بەوحاڵەوە دوای چەند خولەكێك دەنووستەوە، منیش چاوم دەكردەوە و فرمێسك وەك رووبار بەچاومدا دەهاتە خوارەوە، دایكم بەبێ دەنگی نێژرا، زۆر سكم بە دایكم دەسووتا، دەمزانی كوشتیان، یان خنكاندیان، بەڵام بە چاوی خۆم نەمدیبوو، نەمدەزانی چۆن مرد، یا كامیان و چۆن كوشتیان، دەمزانی دایكم دەستی لەگەڵ پیاوێكی دیكە تێكەڵە، یان با بڵێین پیاوێكی دیكەی خۆش دەوێ. باوكم باری دەروونی خراپ و خراپتر دەبوو. مامم ئێمەی بردە لای خۆی، هەر بۆ بەیانی ماڵمان باركرد و چووینە ماڵی مامم، مامۆژنم زۆر نازی دەكێشاین، خانووەكەیان زۆر گەورە و پڕ ژوور بوو، زۆر بە باشی ئاگادارمان بوو، هەموو جارێ بە منداڵەكانی خۆی دەگوت: نەكەن وا بكەن هەست بە فەرق و جوداییی یا غەریبی بكەن، ئێوە خۆتان لە ئاست ئەوان بە خاوەن ماڵ نەزانن، دوو سێ رۆژ بوو باوكم باری دەروونی بەتەواوی تێكچووبوو. مامم بەزووترین كات بردیە لای پزیشكێكی دەروونی و تۆزێك بە دەواو و دەرمان وەزعی باش بوو، ئینجا دوای مانگێك ژنێكی تریان بۆ هێنا، بە هێنانی ژنی دووەمی وەزعی خراپتر بوو، جارجارە باش دەبوو، جارجارەش خراپ، چەند جارێك لە نەخۆشخانە خەوێندرا چاك دەبۆوە، بەڵام پاش ماوەیەكی دیكە باری تەندروستی خراپ دەبۆوە، نزیكەی ساڵێك وەها مایەوە، زڕ دایكەكەم زۆر لەگەڵمان باش بوو، هەرچەندە ئێمە منداڵیش نەبووین بەڵام زۆر باش چاودێری دەكردین و دەتوانم بڵێم خزمەتی دەكردین. خوشك و براكەم زۆر بە پەرۆشی باوكم بوون، بەڵام سەریان لەوە سوڕما بوو، ئاخر باوكم چ عەیبی نەبوو، بۆ وەها تێكچوو، دایكم بۆ شوێن بزر بوو، چۆن رۆیشت و ئاوا نەگەڕایەوە، بۆ كوێ چوو بۆ رۆیشت؟ ئەوە ئەو پرسیارانە بوو هەموو جارێ خوشكم و براكەم دەیانكرد، منیش خۆم دەخواردەوە وەڵامم نەدەدایەوە،

باری تەندروستی باوكم گەیشتە رادەیەك، جاری وا هەبوو بە مانگ لە نەخۆشخانە دەمایەوە، بە كورتییەكەی باوكم هەندێك جار وەك شێتانی لێدەهات، بگرە هەر بەتەواوەتی شێت دەبوو، ئاخیرییەكەی هەر دوو مامەكەم بردیانە وڵاتی (ئەردەن) و وەكو مامم دەیگێڕایەوە و گوتی: بردمانە لای پزیشكێكی دەروونی بە ناوبانگ و بەكەسەر پرسیاری ئەوەی لێكردین و گوتی: ئەگەر دەتانەوێ لەوەی خراپتری لێنەیە و بەتەواوەتی شێت و هار نەبێت، دەبێ بەسەرهاتە راستەقینەكەیم بۆ باس بكەن، كە باسی مردنی ژنەكەیمان كرد، گوتی نەخێر ئەوە ژنی نەمردووە، بەڵكو كوژراوە بۆ ئەویش حەزی نەكردووە، بەم چارەنووسە بگات، منیش ورد و درشتی مەسەلەكەم بۆ باسكرد و گوتم: دكتۆر ئەو برایەمان ژنەكەی خۆی خۆشدەویست، بەڵام ژنەكەی ئەمی خۆشندەویست و پەیوەندی لەگەڵ كابرایەكی دیكە هەبوو، كە پێشتر خۆشیدەویست، ئێمە بەمەمان زانی، بۆیە پێمان قبوڵ نەدەكرا و لەناو خەڵكدا حەیامان دەچوو، ناچار شەوێك لەبەردەمی خۆی و لە ماڵەكەی خۆی خنكاندمان و هەر بەخۆشمان بەوشەوە بردمانە قەبرستان و ناشتمان! كە دكتۆرەكە ئەوەی بیست گوتی: تازە ئەوە چاك نابێتەوە، بەڵام هەر ئەوەندەم پێدەكرێ نەهێڵم لەوە خراپتری لێبێت. ئیتر منیش ئەوسا زانیم كە ئەوشەوە چی روویداوە، ئەم رووداوە ئەوها مایەوە و پاش چەند ساڵێك لەمردنی دایكم، باوكیشم مرد. نە ئەوسا و نە ئێستاش نازانم مامەكانم راست بوون یان نا؟ بەڵام ئێستاش دڵم هەر بە دایكم دەسووتێ.

**دایكم بەبێ دەنگی نێژرا، زۆر سكم بە دایكم دەسووتا، دەمزانی كوشتیان، یان خنكاندیان، بەڵام بە چاوی خۆم نەمدیبوو، نەمدەزانی چۆن مرد**

# سەباح و زیندانی هەتا هەتایی



ئا: باوکی میدیا



## تەماحی زوو دەوڵەندبوون

(سەباح) کە حوکمی زیندانی هەتا هەتایی بۆ دەرچوو، وەك کەسێکی پەشیمان و تێکشکا و کەوتە سەر زەوی و لە ناو هۆڵی دادگا لە هۆش خۆی چوو، پۆلیسەکان هەڵیانگرتەوە و هەندێ ئاویان بەسەروچاوی داکرد و دوای ماوەیەکی کەم بەخۆ هاتەوە، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، دیتی نە برادەرێکی نە کەسێکی نە خزمێکی لە دەوری نین، هەر پۆلیسە و قۆڵیان گرتووە، سەری بڵند کرد و رووی وەرگێڕا دادوەرەکانی ببینێ، چاوی کەوتە سەر تەرازووەکەی پشت سەری سەرۆکی دادگا، تەماشایەکی هۆڵەکەي کرد و ئاهێکی حەسرەتی پڕ بە هەناسەی هەڵکێشا و لێوی خۆی گەزت، لە دڵی خۆیدا گوتی: بخۆ (سەباح) ئەوە دەردت بێت، بەخۆت بە دەستی خۆت ئەو چارەنووسەت هەڵبژارد، تەماحی پارە و خۆشی و لەزەت چی بەسەر هێنای؟ بڕۆ ئەو تەمەنەت لە نێو زیندا بەسەر ببە و خۆت بڕزێنەوە، زۆر دڵی پەست و خەفەتبار بوو، بەتایبەتیش کە زانی (رەفیق) دەربازی بووە و نەگیراوە، هەر چۆنێك بێت، بە یارمەتی پۆلیسەکان هەڵسایەوە و بردیانە دەرەوە، کەلەپچەیان لە دەستی کرد و سواری ئۆتۆمبیلی پۆلیس کرایەوە و برداوە بۆ زیندانەکەی خۆی، لەوێ کەلوپەلەکانی هەڵگرت و پەڕاوی تەواوکرا و گواستیانەوە بەشی حوکمی قورسی زیندانی گشتی، کە گەیشتە زیندان، بردیانە هۆڵی حوکمە قورسەکان، لەوێ جێیەکیان بۆ دیاریکرد و یەتاغەکەی خۆی ڕاخست و لێی کەوت، یەك دوو زیندانی لێی نزیك بوونەوە، بەڵام ئەو هەر زوو پێی گوتن کەوا کەس نەیەتەلای و حەوسەڵەی قسەکردنی لەگەڵ کەس نییە، زوو لێی کشانەوە، ڕاکێشا و دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی بە چاوی دا دەهاتە خوارێ و بە کڕی و بێدەنگی دەگریا و دەنووزایەوە، چەند جارێك زیندانییەك کە پێدەچوو زیندانییەکی بە ئەزموون و شارەزا بێت ویستی بچێتە لای قسەی لەگەڵ بکات و تۆزێك بیدوێنێ، بانگی

کرد(سەباح) وەڵامی نەدایەوە، یەك دووجاری تریش بە برادەر برادەر بانگی کرد هەر وەڵامی نەدایەوە، زانی هەر ئاگاشی لەمە نییە، لێی کشاوە و لێی دوورکەوتەوە، تێگەیشت هەتا دوو سێ رۆژی تریش ئەوە هەر بەخۆ نایەتەوە، بەڵام ئەوەندەیان زانی، حوکمی هەتا هەتایی وەرگرتووە،(سەباح) دڵی زۆر پڕ و خەفەتبار و بریندار بوو، هەندێکجار بە دەنگێکی نزم بەخۆی دەگوت: باشە ئاخر تەماحی پارە چبوو خۆم گەیاندە ئەو کونە رەشە و هەر چوار دەورم شیشی ئاسنە، کاسبییەکی باش، دوو منداڵم و خۆم و ژنم، نەکەس زۆری لێکردبووم، نە فشارم لەسەر هەبوو، پاش سێ رۆژ مانەوە لە ناو زیندان ئەوجا (سەباح) هاتەوە سەرەخۆی و زانی لە کوێ کەوتووە، ئەو زیندانییەی کە لە نێو زیندانییەکاندا بە ئەزموون و شارەزا ناسرابوو ناوی (عەبدولخالق) بوو، دەیزانی ئەو تازە زیندانییە لە چ ئێش و ئازارێکی دەروونی و رۆحی دەژی، حەزیشی لێبوو بزانێ کێشەکەی چییە، تا لە ژیانی ناو زینداندا رایبهێنێ بۆ ئەوەی ئەگەر شارەزایی لە ئیشێك هەیە، لێوەی فێربێ و بڕێکی زیاتر خەم و خەفەتی ناو زیندانی لەسەر کەم بێتەوە و باشتر بارودۆخی ناو زیندان قبوڵ بکەن، (عەبدولخالق) چووە لای و سڵاوی لێکرد(سەباح) یش وەڵامی دایەوە و تۆزێك رووی گەش و خۆشتر بوو، ئەوجا (عەبدولخالق) دەستی بە قسان کرد و ویستی ئەو فشارە دەروونییەی کە لەسەریەتی کەم بێتەوە و پێی گوت: کاکە گوێ مەدەیە، تازە دەبێ قبوڵي بکەین و بەسەری بەرین، بڵێ بزانم تۆ بۆچی حوکمدراوی و لەسەر چی حوکمدراوی و ماوەی بەندیت چەندە.؟

(سەباح) تەماشایەکی کابرای کرد و تۆزێك لێی وەڕس بوو، بەتایبەتی یەکسەر بەوەندە پرسیارە خۆی لێ نزیك کردەوە، گوتی:

لەسەر تەماح و زوو خۆ دەوڵەمەندکردن گیرام، زۆرم حەز لێبوو زوو ببمە خاوەنی دوا مۆدیلی ئۆتۆمبیل، خانوویەکی سێ نهۆمی گەورە و مۆدیل تازە بکرم، ناو ماڵێکی مۆدیل نوێ و گرانبەهام هەبێ، زۆر تەماحی تریش، بەڵام ئەو تەماحانە سەری خواردم و بەو رۆژەی گەیاندم ، ئێستا زانیت لەسەر چی گیراوم، دەبڕۆ وازم لێبێنەو دوورکەوە لێم.

## هۆی حوکمدانی (سەباح) ؟

هەفتەیەك دەبوو کە(سەباح) لە ناو زینداندا بوو، وایدەزانی ساڵێکە وا لە زیندانە، زیندانییەکانی دیکە زانیبوویان کە بە زیندانی هەتا هەتایی حوکمدراوە و ماددەی بێهۆشکەریشی لە دەست گیراوە، بەڵام(سەباح) لە رۆژانی دیکە باشتر بوو، قسەی دەکرد و نانی دەخواردو پێشدەکەنی.(دانا) ناوێك کە ئەویش هەر زیندانی بوو، وەختی شەو بوو، پێکەوە دانیشتبوون بە(سەباح)ی گوت: ئەرێ کاکە تۆ بەسەرهاتی خۆت بۆ نەگێڕاینەوە و نەمانزانی بۆ ئەو حوکمە زۆرەت دراوە، لەولاش(عەبدولخالق) هەڵیدایێ و گوتی : کاکە (سەباح) رۆژی یەکەم و دووەم ئاگری دەکردەوە، کێ دەیوێرا هەر لێشی نزیك بێتەوە، بەڵام وەڵڵاهی ئەوە دوو رۆژە هێندە گۆڕاوە دەڵێی قەت ئەو(سەباح)ەی ئەوێ رۆژێ نییە، زۆرمان حەز لێبوو بڕێك باری خەمی سەر شانی کەم بکەینەوە و تۆزێك ئارام بێتەوە، ئاخر(بیست) ساڵ زیندانی کردنیش حوکمێکی کەم نییە، تۆ بەو حوکمە ئەگەر بە گەنجێتی بێیتە ناو زیندان بە پیری دەچییە دەرەوە، خوا دەزانێ هەتا تۆ دێییە دەرەوە چەند کەست لێدەمرێ و چەندت لێ دەمێنێ، خۆ ئەگەر خاوەن ژن و منداڵیش بیت ئەوە هەر خراپتر.. دەی کاك(سەباح) بەسەرهاتی خۆتمان بۆ بگێڕەوە و خەمی خۆشت و هی ئێمەش بڕێك سووك بکەوە.(دانا) گوتی:کاکە بەڕاستی و دروستی بەسەرهاتت بگێڕەوە، با برینی هەموومان بکولێتەوە، (سەباح) بزەیەکی هاتێ و تەماشایەکی ئەو دوو برادەرە تازەیە و ئەوانی دیکەشی کرد گوتی: براینە نازانم چ بگێڕمەوە، ئاخر چەندی دەکەم سەرم لەو هەڵەیە دەرناچێ کە کردم، باشە خۆ نە لە ماڵەوەو نە لە ژیانی خۆمدا چ کەموکوڕییەکم نەبوو، بڵێ بۆ وامکرد، بە هەرحاڵ، پێش ئەوەی دەست بدەمە ئەو ئیشە، وەکو دەڵێن: وەستای سپیکاری بووم، لە خوا بەزیاد بێ ئیشم باش بوو، ئەگەر باشیش نەبوایە، بایی هێندەم ئیش دەستکەوت کە خەرجی خۆم و ماڵ و منداڵم بە تێری دەربێنم، دوو سێ رۆژ بوو ئیشمان نەبوو بەڕاستی منیش و کرێکارەکانیشم تۆزێك وەڕس بووین، سەرمان سوڕما بوو، ئیش بە گشتی کەمببۆوە، بێ ئەوەی هیچ هۆیەکیش دیاربێت ، کابرایەك هەبوو، ساختەچی و هەڵەپاس، دەمانزانی حەبی سەرخۆش بوون و مادەی کحولی و ئەو شتانە دەخوات، بەڵام کەس نەیدەزانی کە ماددەی بێهۆشکەر دەخوات و بازرگانی پێدەکات، زۆربەمان لەوێ دەمانناسی، ناوی (رەفیق) بوو، رۆژێك هات لێم نزیك بۆوە و گوتی (سەباح) دەڵێ بێئیشی؟ گوتم: بەڵێ، ئەوە چەند رۆژێکە بێ کاروکاسبیم بۆ؟ گوتی: وەرە با پێکەوە ئیشێك بکەین و چ ئەوەندە پێوەی ماندووش نابیت گوتم: دەبی ئەوە چ ئیشێك بێت؟ گوتی: برادەرێکم هەیە هەموو جارێ کەلوپەلی لەسەر سنوور بار دەکات و ئۆتۆمبیلی خۆی هەیە، تەنیا بڕوای بەمنە بۆی بێنمەوە، دەڵێ حەز ناکەم بارەکانم لەتۆ زیاتر کەسیتر بیهێنێتەوە، نەوەك بدزرێ یا لێی کەم بکرێتەوە یان بگۆڕدرێتەوە بە کەلوپەلی ساختە، منیش بە ئەمانەتەوە بۆی دەهێنمەوە و پارەیەکی باشیش وەردەگرم، بەڵام بەڕاستی ئیشەکە قورسە، چونکە جاری وا هەیە دوو سێ رۆژان بەو سەرمایە دەبێ لەسەر سنوور چاوەڕێ بکەم هەتا بارەکە دێت، ئێ بە تەنیایش ناخۆشە، ئەگەر حەزت لێیە پێکەوە دەچین و لەگەڵ من وەرە، من خێرێکی باشم لێبینیووە، بەخۆت دەزانی جاران، هەر پایسکلێکم هەبوو، دوایە کردمە ماتۆڕێك، ئەوە، ئێستاش دەبینی ئۆتۆمبیلی (مەرزیە)م هەیە و لە خوای بەزیاد بێت وەزعم زۆر باشە، تۆش دەتوانی بە ماوەی

ئەو کردارەمان دوو سێ جاری تر دووبارە کردەوە و منیش شکم کرد کە دەبێ ئەو ئیشە چی بێت، کە لێمپرسی گوتی: کاکە ئەوانە ماددەی یاساغن و بێهۆشکەرن

چەند مانگێك(مەرزیە)ك بکرِیت و پاشان خانووش بکرِی، کابرا هێند بە تاسەوە قسەی دەکرد و تەماحی دەدایە بەرم هەر کەسێ گوێی لێبایە خۆی لەبەر رانەدەگرت، گوتم با فکرێکی لێبکەمەوە. تۆمەز ئەو لەو قسانەی من ترسابوو گوتی باشە، بەڵام هەتا دوو سێ رۆژان نەمدیتەوە منیش تەماحێکی پیس بەری چاوی گرتم و ئەو چەند رۆژە هەر سۆراغیم دەکرد نەمدۆزیەوە، هەتا پێنج رۆژی خایاند و بەیانییەك لە پرِ دیتم بە دیارکەوت، چاك و چۆنیمان کرد و گلەییم لێکرد کە بۆچی خۆی بزر کرد، ئەو نەیگوت لە ترسی ئاشکرابوون خۆم بزر کرد بەڵکو گوتی: تۆزێك ئیشی بە پەلەم هەبوو، دەبوو تەواویان بکەم، ئەوجا لە بارەی مەسەلەکە لێیپرسیم، گوتم رازیمە، ئەوەبوو پاش دوو رۆژی تر پێکەوە چووینە سەر سنوور و منی لە شوێنێك دانا کە چایخانە بوو، پاشان هاتەوە، گوتی با برِۆین، سواری ئۆتۆمبیلیك بووین، کە ئۆتۆمبیلی خۆی نەبوو و نەیدەهێنایە ئەو شوێنانە، جانتایەکی پرِ لە جلوبەرگی پێبوو، لە رێگە دایە دەستی من و گوتی: لە فڵانە شارۆچکە و لە فڵانە شوێن چاوەرِێم بکە و دەچم بزانم بارەکان هاتوون یان نە، منیش نەمزانی جانتایەکە چی تێدایە، وەکو گوتی بردمە شوێنی مەبەست. بەخۆشی بە ئۆتۆمبیلێکی دیکە رۆیشت، بۆ کوێ نازانم. من رۆیشتم و چوومە ئەوێ، لە کاتژمێری دیاریکراو پەیدابوو گوتی: دەچمە شوێنێك، ئێستا کابرایەك دێت، رەنگی ئەوهایە و ئەوەی لەبەرکردووە و ناوی فڵانە، پاش چاك و چۆنی داوای لێبکە چایەك بخواتەوە پاشان جانتاکە تەسلیمی ئەو بکە و منیش چۆنی گوت وەهام کرد، کە هاتینەوە گوتی: کاکە ئەوجارە بارەکەیان لەسەر سنوور ئیزن نەواوە، دەگەرِێینەوە هەولێر، پارەی دە رۆژێك ئیشی کردنی دامێ.

ئەو کردارەمان دوو سێ جاری تر دووبارە کردەوە و منیش شکم کرد کە دەبێ ئەو ئیشە چی بێت، کە لێمپرسی گوتی: کاکە ئەوانە ماددەی یاساغن و بێهۆشکەرن، بەڵام خەمت نەبێ نەدەگیرێین نە مەترسیمان لەسەرە، منیش گوتم: ئەو کارە ترسناکە و بەو پارە کەمە، قەت نایکەم، بۆ خۆت برِۆ کەسێکی تر بدۆزەوە ئەو کارەت بۆ بکات. چەندی کردی رازی نەبووم ئەویش هەر جارەی کە هەوڵی و رازی کردنی دەدام تەماحی زیاتری دەدایە بەرم.

ئاخیرییەکەی نرخێکی زۆر باشی دانا کە بەو نرخە ئەگەر چەند جارێك وەرمبگرتایە دەمتوانی ئۆتۆمبیلێکی (مەرزیە)ی پێبکرِم، رازی بووم، بەڵام گوتم پارەی پێشوەختم دەوێ، ئەویش پێشوەختی پێدام، بەردەوام بووم لەسەر کارەکە و هەر جارەی کە ئەنجامم دەدا داوای پارەی زۆرترم دەکرد، کار گەیشتە ئەوەی پارەی ئۆتۆمبیلم کۆکردەوە، ئۆتۆمبیلێکم پێکرِی، دامنابوو پارەی خانوویەکیش کۆبکەمەوە ئەوجا وازیان لێبێنم و بگەرِێمەوە سەر کاسبییەکەی جارانم، کەچی رۆژ بە رۆژیش تەماحم زیاتر و بەرچاوم تەنگتر دەبوو. خێزانەکەم دەیگوت: ئەرێ ئەتۆ نە کاسبییەکەی جارانت دەکەی و نەدەشزانم چ کارێك دەکەی، پێم ناڵێی بۆ کوێ دەچی و ئەو پارانە لە کوێ پەیدا دەکەی؟ منیش دەمگوت لەگەڵ برادەرێکم خەریکی کاری بازرگانیم، خێرەکەی باشترە و ئیشەکەش خۆشترە، خێزانەکەم برِوای بە قسەکانم نەدەکرد و دەیگوت: بڵێم چی، سەرم لەو کارە تازەیەت دەرناچێ و پێشم سەیرە تۆ کارێك دەکەی کە من نایزانم چییە، بە هەرحاڵ بەردەوام بووین لەسەر کارەکە و رۆژ بە رۆژیش، زیاتر دەچووینە ناو کردارەکە، وایلهێات بەخۆم ماددە بێهۆشکەرەکانم تاقەت دەکرد و لە شوێنی نهێنی دەمشاردەوە و دەمگواستنەوە، رۆژ بە رۆژیش برِی مادەکانم زیاتر دەهێنا و دەمگوت: هەتا زووە با دەستە گوڵی خۆم لێدەم و پارەی خۆم کۆبکەمەوە، ئەوجا واز دێنم و ئەگەر دیتم دەگونجێ بەخۆم خەبەریان لێدەدەم. ئەگەریش گونجا بە کرِی خۆم دەکێشمەوە و وازدێنم، دواجاری کارەکە برِی کیلۆیەك مادەی بێهۆشکەرم هێنا و وەکو جاری جاران لە شوێنی مەبەست دانیشتم و چاوەرِێی کەسی وەرگرم دەکرد، تۆزێك وەدرەنگ کەوت، ئاگام لێنەبوو دوو کەس لە ملاو لەولام دانیشتن، توووند دەستیان گرتم، کابرایەکیش وەکو بروسکە لە پێشم ئامادەبوو، کەلەپچەیان لە دەستی کردم و سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم، زانیم چ روویداوە، بێجگە لەخۆم هەموو ئەوانەی کە لەو کارەوە گڵ بوون پێش من دەستگیرکرابوون و هەرچی هەبوو و نەبوو هەموویان لەسەرم گوتبوو، لێکۆڵینەوەیەکی چرِوپرِیان لەگەڵ کردم، بەڵگەکان لە دژم هێند زۆر بوون هی ئەوە نەبوو نکۆڵی بکەم. نکۆڵی لە چی بکەم وا بەسەر تاوانەکەوە گیراوم، پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەموو شتێکم ئاشکرابوو، هەموویان دەزانی، وەکو دەڵێن هەر لە سیری هەتا پیازی، بەڵام ئەوەی کە زۆرم خەفەت لێیدەخوارد ئەوەبوو کە زانیم(رەفیق) دەستگیر نەکراوە و توانیوویەتی هەڵبێت، کەسیش ناوی نەدەهێنا، منیش لە ترسی خۆم ناوم نەدەهێنا، ئیتر نازانم دواتر گیراوە یان توانیوویەتی خۆی دەرباز بکات، کە لێکۆڵینەوەم تەواوبوو درامە دادگا و دوو مانگێك دادگاییم دەستی پێکرد و پاشان بە زیندانی هەتا هەتایی حوکمدرام، ئەوەبوو بەسەرهاتی من، کە وا ئێستا لەو زیندانەم و بەهۆی نەزانی و تەماحی خۆمەوە خۆم دووچاری ئەو چارەنووسە کرد، لەولاش ژن و منداڵم بێ ساحێب، مانەوە و خۆشم هاویشتە ئەو چاڵاوە.

ئێستا هێندەی ئەو دنیایە پەشیمانم، بەڵام پەشیمانی هیچ داد نادات، بیست ساڵ حوکم بوون گاڵتە نییە، من تا ماوم دەبێ لەو زیندانە بژیم، ئاخر هەقیشمە و مستەحەقە، خوا دەزانێ بەو ماددە بێهۆشکەرەوە چەند کەسم تووشی بەدبەختی کردووە.!!

هەفتەیەک دەبوو کە(سەباح) لە ناو زینداندا بوو، وایدەزانی ساڵێکە لە زیندانە، زیندانییەکانی دیکە زانیبوویان کە بە زیندانی هەتا هەتایی حوکمدراوە و ماددەی بێهۆشکەریشی لە دەست گیراوە